Dengekan

# دەوڵەتی پاش دەوڵەت ؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

دەوڵەتی مۆدێرن و دیموکرات ئەو دەوڵەتەیە کە دەروازەکانی خۆی ئەکاتەوە بە رووی جیهان و ئاسۆکانی دەوروبەردا، فەنتازیای سیاسی لەم تاپیە دەوڵەتیەدا تەنها وەستاوە لەسەر بیرکردنەوەکانی تاك و رێزگرتن لە بۆچون و هەڵچونەکانی شەقام، لەم تاپیەدا شتێك نییە ناوی تورەبوونی دەولەت و قەمع و ستەمگەریی بێت، ئەوەی هەیە نەرم و نیانی و مافپێدانە بە تاك و چاندنی ئیرادەیە لە مرۆڤدا، وەختێ دیموکراتیەت بوونی دەبێت و دەولەت کراوەیە بەئاراستەی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکاندا کە عەقلانیەت و هیومانیزم تاکە سەروەری و شوناسی دەوڵەتی بن و هاوسەنگیەکی لە رادەبەدەر هەبێ لە نێوان ئەرك و مافەکاندا، لە سەرەتای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە 2003/4/9 عیراق گەلێ دەروازەو کەلەبجەی شکێنراو گەلێك ئاسۆی بەروودا کرایەوەو بە گەلێك تێزو تێروانین و بەرنامەی وەهمیەوە ئالاندیان و هیچیشیان نەهاتنە دی و بگرە دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری عیراق تا دێت ئالۆزترو خراپتر ئەبێت و ئومێدەکان گەلێ دوورن بۆ هێمنی سیاسی و جێگیرکردنی چەمکە مۆدێرنەکان، لە عیراقدا بە حوکمی هەبوونی ئەو هەموو رەوت و باڵە ئۆپۆزسیۆن و چاو لە دەسەلاتانەی کە سازش بۆ هیچ ئیمتیازێکی خۆیان ناکەن نەیانتوانی حکومەت و دەوڵەتێکی جێگیری مەدەنی و دیموکراتی بهێننەدی کە پەرلەمان و دەزگا مەدەنی و قەزاییەکان لە بری ئاین و مەزهەب و سیاسەت حاکم بن، دەوڵەتێك دوای دەوڵەتێکی دیکە هاتە بوون کە گۆرانێکی ئەوتۆ بەدی نەکرا لە ژیانی تاکەکاندا وەك گۆرانێکی رادیکاڵی و جێگای ئومێد بۆ کوردو عیراقیەکان، ئەوەی گۆرا تەنها جولەیەك بوو لە داشەکاندا و زیاتر کش مەلیکێکی عەسکەرتاریانە بوو، بەبێ ئەوەی دەستکاری داشەکانی دیکە بکرێت، رەنگە تاڵترین قۆناغی پاش رزگاری و دیسپۆتیزمی دەوڵەتی ئەوە بێت کە هەست بە گۆران نەکەیت و دەوڵەتیش لەبەرچاوتدا گۆرابێت، یان لەبەردەم پرۆسەیەکدا بیت کە وەك هەباشە چەمکە شۆرشگێری و مەدەنی و هیومانیەکان بهارێ و بکاتە وەهم و سەراب و دیکتاتۆریەتی نوێ و داخرانی نوێ وەدی بێ، وەك نمونەی شۆرشی کوبا و بەسەرهاتی جەنگاوەرەکانی وەك چێ گیڤاراو ڤیدل کاسترۆ کە هەولیاندا دەوڵەت بگۆرن بە ئاراستەیەکی باشتردا کەچی کاسترۆ کە دەوڵەتی گرتە دەست هەموو خەونی هاورێکانی کردە وەهم و نەك دەوڵەتی نەگۆری بۆ باشتر بەڵکو ئەوەندەی دیکە کەلەبجەو زیندانی دیکەی زیادکردو دەوڵەتی پاش دەوڵەتی بەرەو داخزان و تاریکی یەکجارەکی برد وەك ئەوەی کە ئێستا لە کوبا ئەبینین کە خراپترین سیاسەت و ئابوری و سیستم پەیرەو ئەکات، لێرەدا ترسێکی زۆر هەیە لە عیراقیشدا کە مایەی نیگەرانیەکی قوڵە کە پرۆسەی دوای ستەمکاری بەعس لە خەونی گۆران و کرانەوەو دیموکراتیکەوە بکاتە جۆرێکی دیکە لە داخراوی و ستەمکاری، ئەویش لەسەر دەستی ئەو هێزو رەوتانەی کە تا هەنوکە باوەریان بە پێکەوە ژیان و تەوافوق و دیموکراتیەت و دابەشکردنی داهات نییە، مەترسی ئەم مۆدێلەش لە دەوڵەت لەوەوە سەرچاوە ئەگرێت کە دەوڵەتێکە یان رەمزی تێدا نییە یان پرە لە رەمزی سیاسی، یان خاڵییە لە کاریزمای رۆحی و نەتەوەی باڵاو وولاتێکی پرە لە رەنگ و دەنگ و ئاین و ئاینزاو مەزهەب و حیزب و ئایدۆلۆژیای ناهۆمۆجین، وەك عیراق و تورکیاو ئێران، دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە لە عیراقدا زیاد لە خیارێك و زیاد لە خوێندنەوەیەك بکەین بۆ ئەم دۆخە سیاسیە، لەکاتێکدا وەك نەتەوەی کورد تا ئێستا مافەکانمان لەژێر پرسیارو نیقاشدایەو هەرێمەکەشمان تا ئێستا فۆرمی هەرێمێکی فیدراڵی وەرنەگرتووە وەك هەرێمەکانی سویسراو ئەمریکاو تەیموری رۆژهەلات، دەبێ بیرلەوە بکەینەوە ئێمە لە عیراقدا کام فۆرمی دەوڵەتی پەیرەو ئەکەین و هەرێمەکەشمان بە چ سستمێك لەگەڵ مەرکەزدا کار ئەکات، سادەتر لە هەموو ئایا زمانی کوردی زمانێکی رەسمیی عیراقیە؟ یان تەنها بۆ ماکیاژێکی دەستور نوسراوە؟